# سیاسەتی نەوتی عێراق لە کوردستاندا (١٩٩١-٢٠٠٣)

جلیل حمە حسێن صالح[١] هێرش عبداللە حمە کریم[٢]

[١،٢]بەشی مێژوو، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

گرنگترین کێشە لە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستاندا پرسی نەوتە. لە ڕوانینێکی سەر پێیدا بۆ ئەم پرسە وا دەبینرێت، کە کێشەیەکی هەنوکەییە و پەیوەندیی بە ململانێی سێ تا چوار ساڵی پێشووە هەیە، بەڵام کاتێک وردبینیدەکرێت ئەم پرسە ڕەهەندی مێژوویی قوڵی هەیە، لە مێژوی بەریتانییەکانەوە لە عێراق دەستپێدەکات و درێژ دەبێتەوە تا دووەم جەنگی کەنداو. بەشێکی تری پەیوەندیی بە مێژوی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، کە لە ساڵی 1991 بەدواوە دەستپێدەکات. هەرێمی کوردستان کە لە دوای دووەم جەنگی کەنداو دروستبوبو، وەک خاک و وەک سەروەری بەشێکبو لە دەوڵەتی عێراق، هەر بۆیە لەژێر کاریگەریی ئەو سیاسەتە نەوتییەدا بو، بەڵام وەک بەڕێوەبردن و سیاسەت و ئابوریی هەرێمی کوردستان خواست و پلان و سیاسەتی نەوتی تایبەت بە خۆی هەبو. بۆیە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە سنوری ئەم توێژینەوەیەدا، لە یەک کاتدا، لە چۆنیەتی بەڕێکردنی سیاسەتی نەوتی لە عێراقدا لە باری ململانێ و پەیوەندیدا بوون. لەم تەوەرەیەدا باس لە پرسی نەوت لە نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە ململانێی و پردی پەیوەندیی لە نێوانیاندا دەکرێت. پرسیاری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە: ئایا حکومەتی عێراق لە ململانێ لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا چۆن نەوتی بەکارهێناوە ؟ ئایا هەرێمی کوردستان وەڵامی بۆ سیاسەتی نەوتی عێراق هەبووە؟ لە پرسی نەوتدا کەی عێراق پێویستی بە هاوئاهەنگی هەبووە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا؟ ئەوەی ئەم توێژینەوەیە دەخوازێت بیخاتە ڕو ئەوەیە، نەوت بووە بە بەشێکی گرنگ لە پرسی کورد لە عێراقدا و لە دوای ١٩٩١وە کورد بەردی بناغەی سیاسەتی نەوتی کوردی لە عێراقدا دادەڕێژن و هەرێمی کوردستان بەشدار دەبێت لە پرسی نەوت لە عێراقدا.

**وشە سەرەکییەکان:** حکومەتی عێراقی، سیاسەتی نەوت، ناوچە نەوتیەکان، نەوت، هەرێمی کوردستان

## ١. پێشەکی

دەوڵەتی عێراق لەسەر دەستی بەریتانییەکان لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی پێکهێنرا. ئەم دەوڵەتە پـرۆژەیەکی کۆلۆنیـالی بەریتـانی بـوو بـۆ خزمەتکـردنی بەرژەوەنـدییەکانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی، بەڵام بە لاوازبوونی بەریتانی لە دوای دووەمین جەنگی جیهانی، عێراق هەوڵیدا لە سیاسـەتی بەریتانیـدا بچێتە دەرەوە و سیاسـەتی تایبەت بە خـۆی پەیـڕەوبکات. هەرچەنـدە عێـراق لە سـاڵی ١٩٥٨ بەتەواویی لە سیاسـەتی بەریتـانی جودابـووە و وەک دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ خـۆی دەردەخسـت، بەڵام لە ڕاسـتیدا هەڵگری چەندین پرسی بۆماوەیی بوو، کە لە دەسەڵاتی بەریتـانییەوە بـۆی مـابووەوە، بە جۆرێک تا ئێستا بە چارەسـەرنەکراوی مـاونەتەوە. یەکێک لەو پرسـانە نەوتە، کە بووەتە پرسە ئاڵۆزەکان لە عێراقی هاوچەرخدا و دەوڵەتی تووشی گرفتی دیکتاتۆری و دەسەڵاتی ناوەنـدی و گەنـدەڵی کردووە. نەوت و کورد دوو هاوکێشـەی پێچەوانەی یەکتربڕ بوون لە مێژووی ئەم دەوڵەتە. لە کاتێکدا کۆڵەکەی سەرەکی ئـابووریی عێـراق نەوت بووە و بەشێکی گرنگی سـەرچاوەی ئەم نەوتە لە کوردسـتان بـووە، لە عێـراق حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی بە سیاسەتێکی ناوەندیی ئیدارەی نەوتیان داوە. ئەم سیاسـەتە ناوەنـدییە لە بەڕێـوەبردنی نەوت لە لایەک دەوڵەتی عێـراقی خسـتووەتە سـەرڕێی، لە لایەکی تـر سـوپا و تاک حـیزبی فەرمـانڕەوا و فەرمانـدەی تاکـڕەوی بەرهەمهێناوە، کە سەرجەمیان بوونەتە هۆی ئازاردانی کورد لە عێراقدا.

لەدوای دووەمین جەنگی کەنداو، گۆڕانکاری گەورە لە عێراقدا ڕوویدا، یەکێک لەو گـۆڕانکارییە بـریتی بـوو لە لاوازبـوونی دەسـەڵاتی ناوەنـدی لە بەغـدا، هـاوکات دروستبوونی دەسەڵات و کارگێڕی سەربەخۆی کوردی بە ناوی هەرێمی کوردستان. ئیـدی پـرسی نەوت لە نێـوان هەرێمی کوردسـتان و حکـومەتی عێراقـدا دابەشـبوو، ئەوەش بـوو بە سـەرەتایەک بـۆ گەڵاڵەبـوونی بەشـداریی کورد لە سیاسـەتی نەوتی عێراقیدا.

### ١.١ ئامانجی توێژینەوە:

ئەم تـوێژینەوەیە ئامـانجی ئەوەیە، بیسـەلمێنێت، کە سیاسـەتی ناوەنـدیی ئیـدارەدانی سیاسەتی نەوتی لە عێراقـدا بووبـووە بە گرفـت بـۆ دەوڵەت و یەکێک لە و هـۆکارانە بـووە، کە بە هـۆیەوە کورد بـووە بە هێزێکی بەرهەڵسـتکاری چەکـدار لە عێراقـدا.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٥، ژمارە ٢ (٢٠٢٢)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٦ ئاب ٢٠٢٢؛ پەسەندکردن: ١٦ تشرینی دووەم ٢٠٢٢
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٩ تمووز ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: jalel.hamahuseen@gmail.com
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٢ جلیل حمە حسێن صالح، هێرش عبداللە حمە کریم، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp138-148

ئامانجێکی تری ئەوەیە کە بگات بەو ئەنجامەی ئایا حکومەتی عێراق لە ماوەی (١٩٩١- ٢٠٠٣)دا لەژێر فشاری گۆڕانکارییەکانی سەردەم، دەستبەرداری سیاسەتی ناوەندیی بووە و هەرێمی کوردستانی بەشداركردووە لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی نەوت؟

**٢.١ پرسیاری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات چەند پرسیارێک بورووژێنێت لەوانە: ئایا پرسی نەوت لە گرفتی چی بووە لە دەوڵەتی عێراقیدا؟ ئایا کورد چۆن هەوڵیداوە خۆی بخزێنێتە پرسی نەوتەوە لە عێراق؟ ئایا کوردەکان هەڵگری پرۆژە و بیرکردنەوەی نەوتی بوون بۆ هەرێمی کوردستان؟

**٣.١ تەوەرەکانی توێژینەوەکە:**

١. مێژووی سیاسەتی نەوتی عێراقی.
٢. کورد و سیاسەتی نەوتی عێراقی.
٣. سیاسەتی نەوتی عێراق لە دوای دووەمین جەنگی کەنداو.
٤. هەناردەکردنی سوتەمەنی بۆ هەرێمی کوردستان.
٥. سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان.
٦. مێژووی سیاسەتی نەوتی عێراق

سیاسەتی نەوتی[i] عێراق لە ژێر سایەی سیاسەتی نەوتی بەریتانیا ڕێیدەکرد، ئەویش بریتی بوو لە دەستگرتن بەسەر ناوچە نەوتییەکانی میزۆپۆتامیا بەتایبەت ویلایەتی موسڵ[ii] ئەم سیاسەتە لە پێناو دابینکردنی وزەی نەوتی نوێ بوو بۆ بەریتانیایەکی مەزن، کە تا کۆتاییەکانی جەنگ تەنیا (٤.٥%)ی نەوتی بەرهەمدەهێنا لەکاتێکدا ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا (٨٢%)ی بەرهەمدەهێنا و ئەمەش وای کردبوو، کە بەریتانیا پشت بە نەوتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ببەستێت. توێژەرە بەریتانییەکان باوەڕیان وا بوو، ئەوەی خاوەنی نەوت بێت، خاوەنی جیهانە و هەر لە پێش جەنگدا لە ئێران نەوتی دەستکەوتبوو، باوەڕی وا بوو کە میزۆپۆتامیا بەتایبەت لە خانەقین بەرەو ژوور، دەریایەک نەوتی هەیە، دەستگرتن بەسەر ناوچە نەوتییەکانی ویلایەتی موسڵ بە هەر نرخێک بێت، ئامانجی سەرەکی بەریتانیا بوو لە عێراقدا. هەر بۆیە لە نێوان (١٩١٨-١٩٢٦)دا بەریتانیا کەوتنە ململانێ لەگەڵ فەرەنسا و ئەمریکا و تورکیا و توانیان ویلایەتی موسڵ، کە ویلایەتێکی دەوڵەمەند بوو بە نەوت، بۆ عێراق مسۆگەر بکەن و لە بەرامبەردا ئەو دەوڵەتانە بە پشک و ئیمتیازاتی دیکە ڕازیبکەن تا دەستبەرداری نەوتی کوردستان و عێراق ببێت (حەمە عزیز، ٢٠٠٨، ١٧٧-١٨٢). ئیدی لەو کاتەوە بریتانیا وەک دەوڵەتێکی سەرپەرشتیار و ماندات لە عێراقدا، لە کوردستاندا لە کەرتی نەوتدا دەستیدایە وەبەرهێنان. دەکرێت بگوترێت: "نەوت یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دابەشکردنی کوردستان بووە لەسەر دەستی بەریتانییەکان" (غەفوور١، ٢٠٠٢، ٢٠٦). هەر ئەمەیە وای کرد هەرچی کۆمپانیای نەوتی تورکی بوو گوازرایەوە بۆ سەر عێراق بەناوی کۆمپانیای نەوتی عێراقی (IPC) و پشکی ئەڵمانیا بەسەر فەرەنسا و ئەمریکا دابەشکرا، لە ساڵی ١٩٢٨ ڕێککەوتنێکی ٢٥ ساڵی لەگەڵ عێراق واژۆکرد، کە عێراق پشکی نەبوو تێیدا، بەڵکو پێویست بوو ساڵانە لە مانگی کانوونی دووەم، کۆمپانیا ٤٠٠ هەزار لیرەی ئاڵتوونی ئینگلیزی بدات بە عێراق، کە نیوەی ئەو پارەیە کرێی کارکردنی کۆمپانیا بوو لە عێراقدا و نیوەکەی تری وەک سولفە بە حکومەتی عێراقی دەدرا، لە بەرامبەردا کۆمپانیاکە لە باج و گومرگ بەخشرابوو.

نەوت قازانجێکی زۆری بۆ ئابووری و داهاتی عێراق نەبوو، چونکە بڕەکەی کەم بوو بەجۆرێک ساڵی ١٩٤٨ تێکڕای هەناردەی ساڵەکە ٢٦ ملیۆن بەرمیلی تێپەڕکرد، لە کاتێکدا ئێران ١٩٠ ملیۆن بەرمیل و سعوودیە ١٤٠ ملیۆن بەرمیلی تێپەڕاند بوو. دوو کۆمپانیای نەوتی بەریتانی و دانەیەکی فەرەنسی و یەکێکی ئەمریکی، لە لایەک بۆ کۆنترۆڵی بازاڕ نەوتی کەمیان بەرهەمدەهێنا، لە لایەکی تر پاڵاوگەی نەوتیان لە عێراقدا نەبوو، بۆیە بەرهەمی نەوتی لە دەرەوە دەهاتە عێراق و گران لەسەر عێراق دەکەوت، هاوکات نرخی ئاڵتوونیان بە ئەو نرخە دەشکاندەوە، کە بانکی لەندەن بۆی دیاریدەکردن، نەک وەک ئەو نرخەی لە بازاڕدا مامەڵەی پێوەدەکرا، بەمەش داهاتی نەوتی عێراق ساڵانە نەدەگەیشتە ٣ ملیۆن دینار. ئەمە جێگەی ناڕەزایی خەڵک و پەرلەمانتاران بوو بەتایبەت دوای ئەوەی لە ئێران لە ساڵی ١٩٥٢ نەوت خۆماڵی کرا (حسن، ١٩٥١، ١٥٨).

لەدوای کودەتای تەمووزی ١٩٥٨ دۆخی عێراق بە جۆرێک گۆڕا، کە کۆمپانیا نەوتییە دەرەکییەکان ڕوویەکی ناحەزانەیان لە عێراقدا بۆ دروست بوو. ئیدی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراقی لە ١٩٦٤ دامەزرا (INOC)و بەڵام لەدوای ١٩٧٢ دەستی بەسەر وەبەرهێنانی نەوتیدا گرت و هەر لەو ساڵەدا عێراق ئیمتیازاتی نەوتی لە کۆمپانیا دەرەکییەکان وەرگرتەوە و نەوتی خۆماڵی کرد، ئەوەش وای کرد وەبەرهێنانی نەوت لە ١٩٧١ تا ١٩٧٩ دوو هێندە زیادبکات و لە ڕۆژێکدا بۆ ٤٧٥،٣ ملیۆن بەرمیل بەرزبێتەوە. دوابەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی شای ئێران، عێراق هەلی زیاتری بۆ ڕەخسا و لەدوای سعوودیەوە بوو بە دووەمین دەوڵەت لە هەناردەکردنی نەوت لە جیهاندا. (Anthony H.and Ahmed S، ١٩٩٧، ١٦٧)

سیاسەتی نەوتی عێراق پەرەسەندنی زیاتری بە خۆوە بینی، کاتێک عێراق لەگەڵ تورکیا ڕێکەوتنامەی ساڵی ١٩٧٦ی واژۆ کرد بۆ هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بۆ بەندەری جیهانی تورکی و پاشان لەوێشەوە لە ڕێگەی بۆریە نەوتییەکان بەناو خاکی تورکیادا بۆ بازاڕەکانی جیهان. ئەم بۆریە درێژییەکەی ١٠٤٩ کم و تواناکەی ٧٠٠ هەزار بەرمیل بوو لە ڕۆژێکدا و تێچووەکەی ٨٥٠ ملیۆن دۆلار بوو (غەفوور٢، ٢٠١٠، ١٦٥). بەڵام ئەوەی زیانی لە عێراق دا جەنگی عێراق- ئێران بوو، کە بەهۆی هێرشەکانی ئێران و وەستانی هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی سووریاوە، هەناردەی نەوتی عێراقی هێندە کەمی کرد، کە تەنیا لەنێوان ٧٠٠ تا ٨٠٠ هەزار بەرمیلی ڕۆژانەدا بەرز و نزمی دەکرد، تا ساڵی ١٩٨٣. ئیدی لێرەوە بایەخی هەناردەی نەوت لە ڕێگەی تورکیاوە هێڵی کەرکووک جیهان زۆر زیاتر بوو چالاکی زیاتری بە خۆوە بینی و هەناردەی نەوتی بۆ ١،١ ملیۆن بەرمیل لە ڕێگەی ئەم هێڵەوە هەڵکشا.

تێچووی زەبەلاحی جەنگی هەشت ساڵە پاڵی بە عێراقەوە نا بە هاوکاریی کەرتی نەوتی کوەیتی و سعوودی لە سەرەتای ١٩٩٠ دا هەناردەی نەوت ٣ ملیۆن بەرمیلی تێپەڕاند، کە ساڵانە ١٦ ملیار دۆلاری بۆ عێراق دابینکرد ( Anthony H.and Ahmed S، ١٩٩٧، ١٦٧).

## ٢. کورد و سیاسەتی نەوتی عێراق:

ئەگەرچی سیاسەتی نەوتی بەریتانیا لە عێراقدا یەکەم لە پێناوی بەرژەوەندیەکانی خۆی بوو، دووەم لە پێناوی خستنەسەر پێی دەوڵەتی عێراقی نوێ بوو، بەڵام بۆ کورد ئەم سیاسەتە ناحەزانە بووە و بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دابەشبوونی کوردستان لە قەڵەم دەدرێت (مكتب الدراسات والبحوث المركزي، ١٩٩٨، ٧٨). بەریتانیا

دەوڵەمەندترین ناوچەی نەوتی کوردستانی بۆ خۆی دابڕی و لکاندی بە عێراقەوە، ناوچەکانی دیکەی کوردستان بۆ بەریتانیا جێگەی بایەخ نەبوو، هەر بۆیە ڕادەستی دەوڵەتانی دیکەی کرد. لە ناوخۆی باشووری کوردستانیشدا نەوت پرسی کوردی ئاڵۆزتر کرد. لەگەڵ ئەوەی نەوتەکەی بریتی بوو لە نەوتی کەرکووک و خانەقین، پشکی سەرەکی بەرهەمی نەوتیی بوو لە عێراق، بە تەنیا نەوتی کەرکووک ساڵی ١٩٤٥، ڕێژەی ٩٤%ی بەرهەمی نەوتی عێراقی پێکدەهێنا. لە ساڵی ١٩٥٨ ڕێژەی (٧٥%) و لە ساڵی ١٩٧٢ ڕێژەی (٦٩%)ی پێکهێناوە (عبدالعزیز١، ٢٠١٧، ١٥٧)، بەڵام پێشکەوتنی کەرتی نەوتی عێراق لە بری خزمەت بە کوردستان، کێشەی کوردی ئاڵۆزتر کرد، بە جۆرێک دیمۆگرافیای ناوچە نەوتییەکانی کوردستانی گۆڕی، کە ئێستا لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بووە بە ناوچەی کێشەلەسەر. کۆمپانیای نەوتی عێراق لە (١٩٣٧-١٩٧١)دا حەوت گەڕەکی نیشتەجێبوونی بۆ فەرمانبەر و کرێکارەکان بنیات نا، کە زۆرینەی عەرەب و ئاشووری و ئەرمەن بوون، لەبەرامبەردا کورد و تورکمانەکان کەمترین پشکیان بەرکەوت.

دەستکاریکردنی دیمۆگرافیا لەدوای ١٩٥٨ەوە بوو بە نەریت بۆ حکومەتە ناسیۆنالیستەکانی عێراق، کە باوەڕی بە دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندی هەبوو، بە جۆرێک بڕیارە سیاسی و ئابوورییەکان لە بندەستی نەتەوەی عەرەبدا بێت. ئیدی لە ساڵی ١٩٦٢زیاتر لە ٣٠ گوندی کوردی ڕاگوێزران، عەرەبی هاوردە وەک جووتیار و کرێکار لە ناوچەی کەرکووک نیشتەجێ کرا، فەرمانبەر و کرێکار و تەکنیکارانی کورد لە کەرکووک دوور دەخرانەوە (عبدالعزیز٢، ٢٠٢١، ١٦٠-١٦٢).ئەم سیاسەتە لەدوای هاتنە سەر کاری بەعس، بوو بە پرۆژە و ناونرا سیاسەتی تەعریب یان بەعەرەبکردن. سیاسەتی بەعەرەبکردن جێنشین کردنی عەرەب بوو ناوچە نەوتییەکان کە لە ماوەی (١٩٧٧-١٩٨٧) سالانە بە ڕێژەی (٩%) عەرەب لە کەرکووک زیادی کردووە. هەر لەو ماوەیەدا (٥٤٠،١٥) خانوو بۆ عەرەبی هاوردە دروستکراوە (ساڵح، ٢٠٠٨، ٤٨). سیاسەتێکی دیکە بریتی بوو لە دەستکاری پێکهاتەی کارگێڕی کەرکووک، کە لە (١٩٧٥-١٩٨٩)، قەزاکانی کەلار و چەمچەماڵ و کفری و دووزخورماتوو، ئاڵتوونکۆپری بە سەر پارێزگاکانی سلێمانی و دیالە و سەلاحەدین و هەولێردا دابەشکرد (ساڵح، ٢٠٠٨، ٤٨). تەنیا ساڵی ١٩٧٥، حکومەت بری ٥٣٦،٢٥٥ دۆنمی لە موڵکی تایبەتی دانیشتووانەکەوە کرد بە موڵکی گشتی دەوڵەت و کێڵگە نەوتییەکان لە بەرامبەردا بۆ هەر دۆنمێک بری تەنیا ٢ دیناری وەک قەرەبوو دا بە خەڵک، لە کاتێکدا و لە ساڵی ١٩٢٨ کۆمپانیی نەوتی عێراق بۆ هەر دۆنمێک ٣٠ دیناری وەک قەرەبوو بە خەڵک دابوو. هەروەها قەزای چەمچەماڵ و کەلاری لە کەرکووک دابڕی و خستە سەر پارێزگای سلێمانی تا ژمارەی کورد لە ناوچە نەوتییەکاندا کەمبکاتەوە. هەروەها قەرزی بانکی دایە کرێکار و فەرمانبەرە هاوردەکان تا خانوو لە شاری کەرکووک دروستبکەن (عبدالعزیز٢، ٢٠٢١، ١٦٠-١٦٢). ناوچە نەوتییەکان جگە لەو ڕێکارانەی پێشوو، تووشی پرۆسەی ئەنفال بوو. کە پرۆسەیەکی جینۆساید بوو، بە شێوەیەکی کاریگەر لە ناوچە نەوتییەکانی باشووری کوردستاندا جێبەجێکرا. لەم پرۆسەیەدا و لە ساڵی ١٩٨٨، تەنیا لە ناوچەی گەرمیان، کە سەر بە پارێزگای کەرکووک و ناوچە نەوتییەکان بوو، (٥١١) گوند رووخێنران، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی (١٥٩٤٣٣) کەس بوون، لەو ژمارەیە (٤٣٨٤١) کەس بە ڕێژەی (٥،٢٧) بێسەروشوێن کران، کە بە هۆیە ناوچەکە تووشی چەندین زیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی بوو (کەریم، ٢٠١٥، ٧٤).

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە دوای ساڵی ١٩٥٨ بەدواوە سیاسەتی نەوتی عێراقی لە کوردستاندا لا پەسەند نەبوو. لە گفتوگۆکانی لەگەڵ حکومەتی عێراقی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان پێداگری لەوە دەکرد، کە نەوتی کەرکووک و بەسرە و ڕومادی موڵکی خەڵکی عێراقە و داوای چاوخشاندنەوەی بە سیاسەتی نەوتی و کانزاکان دەکرد، کە حکومەتی عێراق دەسەڵاتی بەسەردا سەپاندووە. هاوکات حیزبەکە هەستی بە ناحەقی دەکرد لە ڕەوشی پیشەسازی لە ناوچە کوردییەکان، لە لایەکیترەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٣٠ی تەمووزی ١٩٦١ نامەیەکی ئاراستەی حکومەتی عێراقی کرد، کە بە سیاسەتی تەعریب لە ناوچە نەوتییەکان ڕازی نییە. هەر دوابەدوای ئەوە شەڕی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و حکومەتی عێراقی دەستپێکرد و ساڵی دواتر بزووتنەوەی کوردی لە پێناو بە نێودەوڵەتیکردنی پرسی کورددا پلانی هێرشکردنە سەر کێڵگە نەوتییەکانی دارشت. هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٢ هێرشی کردە سەر بیرەکانی نەوتی عەین زالە و ٧٠ کەسی بە بارمە گرت، کە لەنێویاندا بەرێوەبەرێکی بە ڕەگەز بەریتانی تێدا بوو. دواتر لە ١ی ئازاری ١٩٦٩ بەموشەک کێڵگەیەکی نەوتی لە کەرکووک بۆردومان کرد (عبدالعزیز٢، ٢٠٢١، ٢٦٦). لە ساڵانی (١٩٦٣-١٩٦٤)دا لە گفتوگۆکان داوای پێکهێنانی پیشەسازیی پترۆکیمیاوی لە کوردستان کرد (مكتب الدراسات والبحوث المركزي، ١٩٩٨، ٧٨).

لە دوای ڕێکەوتنی کورد و حکومەت لەسەر پرسی ئۆتۆنۆمی بەپێی ڕێکەوت نامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، بزووتنەوەی کوردی هاوڕابوو لەگەڵ حکومەتی عێراقی لەسەر بەتاڵانبردنی نەوت لە لایەن کۆمپانیا نەوتییەکان و پێویستی خۆماڵیکردنی نەوت. بۆیە کاتێک کە نەوت خۆماڵیکرا، ڕۆژنامەی (التـآخي)، کە زمانحاڵی کورد بوو لە سەروتاردا نووسیبووی: " يدا بيد مع السلطة الوطنية فی خطواتها العادلة الجريئة بتاميم النفط" (١٩٦٣-١٩٦٤) (مكتب الدراسات والبحوث المركزي، ١٩٩٨، ٨٠). وێرای ئەم هەڵوێستە، پرسی نەوت بۆ حکومەتی عێراق جێگەی گفتوگۆ نەبوو، بۆیە بەپێی ڕێکەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دەبوو کەرکووک پایتەختی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بێت، بەڵام حکومەتی عێراقی کاتێک ئۆتۆنۆمی خستە بوار جێبەجێکردن لە ١٩٧٤، کەرکووکی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دابڕی (عبدالعزیز٢، ٢٠٢١، ٢٧٧). کە ئەمە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان حکومەت و بزووتنەوەی بەرگریکاری کوردی بوو. حکومەتی عێراقی لەو شەڕدا (١٩٧٤-١٩٧٥) بری یەک ملیار دۆلاری لە پارەی نەوت بۆ سوپای عێراقی تەرخان کرد، ئەو نەوتەی زۆرینەی بەرهەمهێنانەکەی لە ناوچە کوردییەکاندا بوو ( Anthony H.and Ahmed S، ١٩٩٧، ١٦٧).

بایەخی نەوتی کوردستان بۆ عێراق زیاتر بوو، کاتێک کوردستان تەنیا بریتی نەبوو لە سەرچاوەی بەرهەمی نەوتی، بەڵکو بوو بە ڕێگەیەکی گرنگ بۆ گواستنەوەی نەوتی عێراق بۆ بازاڕەکانی دەرەوە لە ڕێگەی خاکی تورکیاوە. بۆریە نەوتییەکانی نێوان عێراق و تورکیا زۆرینەی بە خاکی باشووری کوردستان و باکووری کوردستاندا تێپەڕی دەکرد، بۆیە ڕێکەوتنی عێراق و تورکیا تەنیا ڕێکەوتنێکی نەوتی نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێک ڕێکەوتنی ئەمنی و سەربازی گرێدرا، کە تێیدا جەختی لەسەر پاراستنی ئەو ناوچانە دەکردەوە، کە بۆریە نەوتییەکانی پێدا دەڕوات. لێرەوە، نەوت و سەلامەتی بۆریە نەوتییەکان تێکەڵی پرسی کورد بوو، بە جۆرێک ئەگەر لە پێشووتر پەیوەندی

بە ئارامی و سەقامگیریی سیاسیی عێراقەوە بوو، لێرە بەدواوە، سەقامگیریی ئابووریی عێراق کەوتە بەر باس. لە سەردانێکی کەنعان ئیڤرین (١٩١٧ -٢٠١٥) وەک سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ بەغدا، جێگری سەرۆکی حکومەتی عێراقی ئەوەی پێ گوتبوو، کە لەپای ڕێگریکردنە لە چەکدارە کوردەکانی عێراق لە سنووری تورکیادا، ئامادەن بە نرخێکی گونجاو نەوت بە تورکیا بفرۆشن (مكتب الدراسات والبحوث المركزي، ١٩٩٨، ٥٧). هەر لەمبارەیەوەو لە میانی جەنگی عێراق ئێراندا، کاتێک عێراق لەژێر کاریگەرییەکانی جەنگ لەگەڵ ئێراندا، بەناچاری بەرهەمهێنانی نەوتی لە ڕێگەی تورکیاوە زیاتر کرد، ڕێکەوتنی ئەمنی و لەشکرکێشی- تورکیا بۆ ناوعێراق لەدژی بزوتنەوەی (پ.ک.ک) دەستی پێ کرد (حەمە کەریم، ٢٠١٣، ٨).
حکومەتی عێراقی لە سەردەمی جەنگی عێراق- ئێراندا بڕی ٢٠٠ ملیار دۆلاری لە پارەی نەوت خستە خزمەتی (Anthony H.and Ahmed S، ١٩٩٧، ١٦٧). بەشێکی ئەم سوپایە لە دژی خەڵکی کوردستان خرابووەگەڕ، کە بە هۆیە چەندین شار و گوندی کوردستان کیمیاباران کران. لە بەرامبەردا پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی دەیەمدا لە ساڵی ١٩٨٩ ئەو سیاسەتەی ڕەتکردەوە، کە سامانی نەوت بۆ کڕینی چەکی کۆمەڵکوژ و پیلانگێڕی دژی بزووتنەوەی بەرگریکاری کوردستان بەکاربهێنرێت، هەروەها داوای ئەوەی کرد، کە بەشێک لە داهاتی نەوتی بۆ کوردستان تەرخانبکرێت، بەجۆرێک لەگەڵ ڕێژەی دانیشتووانەکەیدا گونجاو بێت و هەروەها ئەو پشکە بخرێتە خزمەتی پرۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵی و بنیاتنانەوەی کوردستان (مكتب الدراسات والبحوث المركزي، ١٩٩٨، ٨٣). بەڵام یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو باوەڕەدا بوو، کە حکومەتی عێراقی هێندە خۆی بە گەورە دەزانێت، کە ئامادە نییە گوێ لە داواکاری کورد بگرێت، بۆیە پێویستە ئازار بچێژێت، ئەویش لەڕێگەی بەئامانجگرتنی کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان.
لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ ئەم حیزبە بە هاوکاریی ئێرانییەکان پەلاماری کێڵگە نەوتەیەکانی دا. نەوشیروان مستەفا کە جێگری سکرتێری حیزبەکە و بەرپرسی پرۆسەکە بوو، پێش دەستپێکی پرۆسەکە بە چەند کاتژمێرێک، ڕوودەکاتە فەرماندەی سوپای پێنجی پاسداران و پێی دەڵێت: "ئێرە موڕخواردەیە ٤٠ کم لە کەرکووکەوە دوورە، کە گەورەترین حەقلی نەوتی دونیایە، ، لە ساڵی ١٩٢٧وە نەوتی لێ دەردەهێنرێت، ئاخۆ هیچ نیشانەیەک بەم دێیەوە دیارە کە دینارێکی ئەو نەوتە بۆ پێشکەوتنی تێدا سەرف کرابێ، وتی نە، وتم عێراق بە دەرامەتی ئەم نەوتەیە بە کورد گەلەکەمان لەناو دە با هەر لەبەر ئەوەیە ئێوەمان هێناوە و پێکەوە تێکی بدەین)) (ئەمین، ١٩٩٩، ١١٠- ١١١). لەدوای ئەم پرۆسەیە حکومەتی عێراق بەرامبەر کورد و بزووتنەوەکەی ڕقئەستوورتر بوو، ئەوە بوو لە ١٨ی ئازاری ١٩٨٧ پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانکردنی سوپا لە دژی کوردستان دەستپێیکرد، کە تا کۆتایی ١٩٨٨ی خایاند و وەک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی. ڕایگەیاند، لە ئەنفالدا نزیکەی ١٨٢ هەزار کەس کۆمەڵکوژ کران و تەنیا لە کیمیابارانی شاری هەڵەبجە نزیکەی پێنج هەزار کەس لە ناو بران (کەریم، ٢٠١٥، ٤٨). لێرەوە نەوت لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقی بوو بە گرێکوێرە، کورد داوای بەشی نەوتی و خۆشگوزەرانی بۆ کوردستان دەکرد، عێراقیش دەیویست بۆ بەردەوامبوونی ڕژێمەکەی پشت بە نەوت ببەستێت و ئامادەی هەموو جۆرە سەرکێشییەک بوو.

### ٣. سیاسەتی نەوتی عێراق لەدوای دووەمین جەنگی کەنداو:

نەوت یەکێک بووە لەو پرسانەی کە چارەنووسی عێراقی ڕەنگڕێژ کردووە. دووەم جەنگی کەنداو (١٩٩١) وەک نموونەیەکی باڵا دەبینرێت، کە تێیدا نەوت ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە ئاراستەکردنی مێژووی عێراقدا. نەوت و داهاتەکەی لە پێش جەنگ عێراقی بێمنەت کرد بوو لە جەنگ و قەیرانی ئابووری، بەڵام دواتر نەوت عێراقی برسی و لاواز کرد. پاش شکستی لە جەنگی دووەمی کەنداو عێراق ڕووبەڕووی سێ کێشە بووەوە، دانەوەی قەرزە کەڵەکەبووەکانی کە تەنیا سوودەکانی تا ساڵی ٢٠٠٠ دەگەیشتە ٣٢ بۆ ٤٦ ملیار دۆلار. ئەو زیانە کە دەبوو عێراق وەک دەوڵەتی دۆڕاو دەبێت بیبژێرێت. دوا خاڵ تێچووی چاککردنەوەی ژێرخانی وێرانکراوی ئابووریی عێراق، کە بە ١٠٠ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرا (چەلەبی، ١٩٩٢، ٨٨). ئەمە لە کاتێکدا بوو لە ناوەڕاستی ١٩٩١ بەرهەمهێنانی نەوتی عێراقی بەهۆی گەمارۆ ئابوورییەکانەوە دابەزی بۆ تەنها ٢٧٠,٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا (Anthony H.and Ahmed S، ١٩٩٧، ١٦٧). خێراترین کار کە عێراق ویستی بۆ دەربازبوون لە لێکەوتەکانی جەنگ بیکات، هەوڵیدا کە گەمارۆکانی لەسەر هاوردە و ناردەنی عێراق لابەرێت و جەختی کردەوە لەسەر توانای عێراق لە ناردنە دەرەوەی نەوت و هاوردەکردنی کەلوپەلی نا سەربازی (نبلوک، ٢٠٠١، ٤٦). ئەم هەوڵانەی عێراق لە دوو ڕێگاوە بوو: یەکەمیان هەوڵدانی بوو بۆ فرۆشتنی نەوت لەژێر سەرپەرشتی خۆیدا، دووەمین ڕێگا عێراق چووە ژێر باری بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. هەریەک لەم دوو ڕێگایە بۆ یەکەمین جار کورد خۆی خزاندە ناوی و بوو بە بەشێک لە سیاسەتی نەوتی عێراقی. عێراق سەرکەوتوو بوو لە هەناردەکردنی ٢٠,٠٠٠ تا ٤٠,٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا بۆ ئوردن، ئەمەش بە نرخی نیوەی نرخی ڕۆژانەی نەوت. ئەم بڕە نەوتە بەشێکی کەمی خۆراک و دەرمانی بۆ عێراق دابیندەکرد، بەڵام هێندە نەبوو، کە حکومەت و خەڵکی سوودی زۆری لێ ببینن ( (Anthony H.and Ahmed S، ١٩٩٧، ١٦٧. ڕێگەیەکی دیکە ڕێگەی قاچاخ بوو، کە کورد بۆ یەکەمین جار چەشەی بازرگانی نەوت بوو. نەوتی عێراق بە ڕێگەیەکی نافەرمی و لەڕێگەی تەنکی بەنزینی بارهەڵگری تورکی بەرەو تورکیا ڕۆیشت. ئەم بازرگانییە شێوەیەکی فەرمی نەبوو، بەڵام لەلایەن هاوپەیمانانەوە چاوپۆشی لێدەکرا، چونکە داهاتی نەوت یارمەتیدەرێکی باشی خۆژینی دەسەڵات بوو لە هەرێمی کوردستان، لە لایەکی دیکە وەک قەرەبوویەک بۆ تورکیا، کە لە ئەنجامی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر نەوت و بازرگانی عێراق ساڵانە دوو ملیار دینار زیانی بەرکەوتبوو ( Anthony H.and Ahmed S، ١٩٩٧, ١٦٢). تورکیا یەکێک بوو لەو ڕێگا گرنگانەی حکومەتی عێراقی بۆ هەناردەکردنی نەوتی خاو پشتی پێدەبەست، هاوکات لە پێش داگیرکردنی کوەیت سەرەکیترین ڕێگای پەیوەندیی بازرگانی نێوان عێراق و تورکیا خاڵی ئیبراهیم خەلیل بوو. لە دوای ساڵی ١٩٩١ ئەم ڕێگایە کەوتە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و دەستی بەسەر هەموو جۆرە پەیوەندییەکی زەمینی ڕاستەوخۆی عێراق و تورکیا گرتبوو، بەتایبەتی هاوردە و ناردەنی نێوان هەر دوو دەوڵەت پێویست بوو لەم ڕێگایەوە بێت (حەمەکریم، ٢٠١٣، ٤٣). عێراق هەرێمی کوردستانی وەک دەرچەیەک دەبینی، کە ڕێڕەوێکی هاوردە و ناردەنی نافەرمی بێت، بۆیە هەوڵیدا جۆرێک هاوکاری لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروستبکات بە ناردنە دەرەوەی نەوت و هاوردەکردنی کەلوپەلی پێویست بەتایبەتی خۆراک ئەم بازرگانیە لەسەر بنەمای گۆڕینەوە بوو (عزیز، ١٩٩٩، ١١١). نەوتی عێراق بە کەلوپەلی تورکی لە ناوچەی بازرگانی ئازاد لە ناحیەی فایدە سەر بە پارێزگای موسڵ لە ژێر سەرپەرشتی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp138-148

وەزارەتی پیشەسازی و پیشەسازیی سەربازی دەگۆڕایەوە، وەزارەتی نەوت بە نرخی سەرنجڕاکێش نەوتی پێدەدان و لە ساڵی ١٩٩٢ تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠ بە نزیکەی ڕۆژانە ٥٠٠-١٥٠٠ بارهەڵگر لە هاتوچووندا بوون هەر یەکێک لەو بارهەڵگرانە ٤-٨ هەزار لیتر نەوتی عێراقی بار دەکرد، کە ڕۆژانە ٢ ملیۆن لیتر تا ١٢ ملیۆن لیتر نەوت بە هەرێمی کوردستاندا دەچووە تورکیا. بۆ هەر تانکەرێک هەرێمی کوردستان بڕێک پارەی وەردەگرت، کە داهاتی هەرێمەکەی بەرز ڕاگرتبوو (Firat Bozcali، ٢٠٠٨، ١٢).

لە ساڵی ١٩٩٥ دوای توندبوونەوەی ململانێکانی نێوان پ.د.ک و ی.ن.ک دەسەڵاتی پ.د.ک لە دهۆک جێگیر بوو، جارێکی تر ئاستی بازرگانی نەوت گەشەی کرد. حکومەتی عێراقی لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی سەر بە خۆیەوە بەناوی کۆمپانیای ئاسیا ڕۆژانە، ١ملیۆن تا ١٠ ملیۆن لیتر سووتەمەنی دەناردە تورکیا (تەیب، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٤/٢٧)، ئەم بازرگانیە بە ڕێکەوتنی هەردوو حکومەتی عێراق و تورکیا بوو، لە تەموزی ١٩٩٦ سەرۆک وەزیرانی تورکیا نەجمەدین ئەربەکان (١٩٩٦ - ١٩٩٧) ڕایگەیاند بڕی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ عێراق لە زیاد بووندایە، ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان خۆراک دەنێرن بۆ عێراق بەرامبەر سووتەمەنی، لە هەمان کاتدا لە لایەن بریکاری وەزارەتی بازرگانی حاتەم سامەڕایی و ڕاوێژکاری پەیوەندییە بازرگانیەکانی تورکیا ڕێکەوتنی بازرگانی و ئابووری هاوبەشی نێوان هەر دوو لا ئیمزا کرا (هاوکاری، ١٩٩٦، ٢٤٨١). بازرگانی نەوت لەگەڵ تورکیا لە ڕێگەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل دەستکەوتێکی دارایی بۆ هەرێمی کوردستان هەبوو، بەگوێرەی سەرچاوەیەک لە ساڵی ١٩٩٦ داهاتی ڕۆژانەی ٨٠٠ هەزار دۆلار لە بەرهەمە نەوتییەکان و ٢٥٠ هەزار دۆلار لە گومرگی کاڵا بازرگانییەکان بوو (حەمەکریم، ٢٠١٣، ٤٣). ئیدی ئەمە بە یەکەمین بازرگانی نەوتی بۆ کورد ئەژمار دەکرێت، کە حکومەتی عێراقی نەیدەتوانی ئەنجامی بدات.

هەنگاوی ناردنە دەرەوەی نەوت لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان عێراقی خستە سەر ڕێگەی دووەم بۆ هەناردەکردنی نەوت و لەم هەنگاوەشدا کورد ڕۆڵی گرنگی بینی. سەرەتا حکومەتی عێراق ئەو هەوڵانەی ڕەتکردەوە، کە گوایە هەنارده و داهاتی نەوتی عێراقی لە ژێر سایەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێت و ئەم ڕێکارەی بە پێشێلکردنی سەروەری عێراق و ڕێگایەک بۆ دەستوەردان لە بڕیارە ئابوورییەکانی دەوڵەتی ناو برد، هەروەها جەختی کردەوە ئەو بڕیارە ڕەوایەتی دانە بە لاوازکردن و بێبەشکردنی دامودەزگاکانی حکومەت و پێیوابوو، داهاتی نەوت بەشێکی زۆری بە تێچوون و لێبڕین دەڕوات (غوردون، ٢٠١٨، ٤٢). پاش دەرچوونی بڕیاری ٩٨٦ ناسراو بە بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراک، بەگوێرەی بڕیارەکە ڕێگەی بە عێراق دا بە بەهای ١ ملیار دۆلار نەوت بفرۆشێت بۆ ماوەی ٦ مانگ، داهاتەکەی لە هەژمارێک دادەنرێت، کە نەتەوە یەکگرتووەکان دایدەمەزرێنێت. سەرەتا حکومەتی عێراقی ئەم بڕیارەی ڕەتکردەوە و یەکێک لە هۆکارەکان، ناردنە دەرەوەی بەشێکی زۆری نەوت بوو لە ڕێگەی بۆری نەوتی کەرکوک – جیهان کە بە خاکی تورکیا تێدەپەڕێت (نبلوک، ٢٠٠١، ٥١). بەشێکی ئەم هێڵە بە هەرێمی کوردستاندا تێدەپەڕی و دەکەوتە سەروو ناوچەی دژەفڕین. نیگەرانی حکومەتی عێراق لەم پرسەدا ئەوە بوو، نە لە زەمین و نە ئاسمان ئەم هێڵە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی نەبوو. پاش گفتوگۆکردنی نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراق یاداشتی لێک تێگەیشتن ئیمزا کرا بەگوێرەی یاداشتەکە هیچ بڕێک دیارینەکرا، کە نەوت لە کام لە هێڵەکان بنێرێتە دەرەوە، ئەم خاڵە لە ڕووی کردارییەوە لە بەرژەوەندیی عێراق بوو، چونکە ناردنە دەرەوەی نەوت لە بەندەری ئەلبەکر زیاتر بوو لە هێڵی کەرکووک – جیهان، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٩ لە بەندەری ئەلبەکر، ڕۆژانە ١,١٩ بەرمیل نێرراوە، بەڵام لە هێڵی کەرکووک – جیهان ڕۆژانە ٩١٤٧٦٨ بەرمیل نێرراوە (نبلوک، ٢٠٠١، ٥٣). هەرچەندە نەوتی کەرکووک بە خاکی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان گوزەری دەکردە تورکیا، بەڵام کورد کرێی گواستنەوەی وەرنەدەگرت، چونکە هەرێمی کوردستان بەشێک بوو لە دەوڵەتی عێراق، بەڵام هەوڵی کورد بۆ بڕکردنی پشکی کورد لە هەناردەی نەوتی عێراق وای کرد ڕێژەی ١٢.٤% بۆ هەرێمی کوردستان دابینبکرێت، بەمەش لە (١٩٩٦-٢٠٠٣) هەرێمی کوردستان بڕی ٣ ملیار دۆلاری دەستکەوت، کە بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێکی بۆ خۆراک و بەشێکی تری بۆ کەرتی کشتوکاڵ و تەندروستی و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی تر تەرخانکران، ئەوەش ڕۆڵێکی گرنگی بینی لەوەی بووژاندنەوە و گەشەکردن لە هەرێمی کوردستان لەو ماوەیەدا پێشی ناوچەکانی دیکەی عێراق بداتەوە (Maggy Zanger، ٢٠٠٢). ئەمەش بە لایەنێکی دیکەی بەشداربوونی کورد لە سیاسەتی نەوتی عێراق هەژمار دەکرێت. هەموو ئەمانەش پێچەوانە دەوەستایەوە لەگەڵ یاسای نەوتی عێراق، کە لە مادەی سیازدە لە دەستووری کاتی عێراق ١٩٧٠ هاتووە: "سامانە سروشتییەکان و هۆکارە بنەڕەتییەکانی بەرهەمهێنان موڵکی گەلە. دەسەڵاتی ناوەند لە کۆماری عێراق وەبەرهێنانی تێدا دەکات بە شێوەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ بەگوێرەی پلانی گشتی ئابووری نیشتمانی" (الدستور المؤقت لعام ١٩٧٠، ٢٠١٠).

## ٤. هەناردەکردنی سوتەمەنی بۆ هەرێمی کوردستان

لە ئەنجامی ناوەندێتی لە بەرهەمهێنان و پاڵاوتن و فرۆشتنی نەوت لە عێراقدا هەرێمی کوردستان زەرەرمەند بوو بە تایبەتی دوای کشاندنەوەی دامودەزگاکان و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری لە تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی کێڵگە ئامادەکراو و پاڵاوگەی نەوت نەبوو، دابەشکردنی سووتەمەنی ناوەندیی بوو، بەغدا بڕیاری ناردنی دەدا. هیچ بڕە سووتەمەنییەک لە هەرێمی کوردستان بەرهەمنەدەهات. هەرچەندە فەرمانگەی دابەشکردنی سووتەمەنی لە حوزەیرانی ١٩٩٢ کشاندەوە، بەڵام ناردنی سووتەمەنی تا ساڵی ١٩٩٣ لە ڕێگەی موستەشارەکان و کەسانی سەر بە حکومەتی عێراقی بەردەوام بوو[iii]. لەو بارەیەوە لێپرسراوی ئەوکاتی بەشی فرۆشتن لە بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمە نەوتییەکان ڕێوار ئەحمەد حسێن دەڵێت: "ڕۆژانە ٣ بۆ ٤ تانکەر سووتەمەنی لە ڕێگەی موستەشارو کەسانی سەر بە حکومەتەوە دەهات، کە پێیان دەوترا وەکیل، بۆ ئەوەی قازانجیان دەستبکەوێت، لیترێک بەنزین بە ٩٠ دیناری چاپ وەری دەگرت لە هەرێمی کوردستان بە ٤٥٠ تا ٥٥٠ فلس بە دیناری سویسری دەفرۆشرایەوە" (حسێن، چاوپێکەوتن، ٢٠٢١/١٢/٦). سووتەمەنییەکە تەنها یەک جۆر نەبوو بەڵکو سەرجەم بەرهەمە نەوتییەکان بوو. بۆ نموونە پاریزگای دهۆک ڕۆژانە ٦٥,٠٠٠ لیتر بەنزین و ٤٠,٠٠٠ لیتر گاز و ٣٦,٠٠٠نەوتی سپی ناردووە (تەیب، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٤/٢٧).

حکومەتی عێراق لە ١٩٩٣ بەدواوە بڕیاری ڕاگرتنی سووتەمەنیدا و لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانیەوە بانگەشەی ئەوەی دەکرد، وەزارەتی نەوت بڕێکی زۆر لە سووتەمەنی بە هەموو جۆرەکانییەوە بۆ پاریزگاکانی کوردستان ناردووە، بەڵام بەرپرسی پارتە کوردییەکان دەستیانبەسەردا گرتووە. بەشێک لە سوتەمانییەیان بەسەر کەسە

نزیکەکان خۆیاندا دابەشکردووە و بەشەکەی تریشیان لە بازاڕ فرۆشتووەتەوە و جگە لەوەی هەندێک ناوچە سووتەمەنی هەر پێنەگەیشتووە (الجمهورية، ١٩٩٢، ٨٠٨٢). ئەم بارودۆخە قەیرانێکی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان دروستکرد و دیاردەی قاچاخچێتیی نەوت و هێنانی سووتەمەنی لە ڕێگەی بازگەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی دروست بوو. کەمی بڕی سووتەمەنی بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی، بەمەش زۆربەی کارگەکان لەکارکەوتن و هاتووچۆی هاووڵاتییان پڕ کێشە بوو، هەروەها کاریگەریی گەورەی کردە سەر ژیانی خەڵک بەتایبەت لە وەرزی زستاندا، کە نەوتی سپی زۆر دەگمەن بوو.

هاووڵاتییانی ناوچە سنوورەکان لەگەڵ حکومەتدا دەچوونە کەرکووک و نەوتیان دەکردە گوونیە و بە کۆڵ دەیانهێنایەوە بۆ شارەکانی هەولێر و سلێمانی، زۆر جار لەلایەن سەربازە عێراقییەکان هێرش دەکرایە سەریان و بەچەقۆ گوونیەکەیان دەدڕی و نەوت بە گیانیان دەهاتە خوارەوە (جەبار، چاوپێکەوتن، ٢٠٢١/١٢/٢٩).

شەڕی ناوخۆیی کوردستان سیاسەتی گەمارۆی عێراقی بەسەر هەرێمی کوردستانەوە گۆڕی. حکومەتی عێراق پەیوەندیی بازرگانی و نەوتییەکانی لەگەڵ پ.د.ک باشتر کرد و بە پێچەوانەوە لەگەڵ ی.ن.ک گەمارۆکان توندتر جێبەجێ کرا. کاردانەوەی ئەم سیاسەتەی حکومەتی عێراق لە کوردستاندا لە ڕووی نەوتەوە ئەوە بوو، پ.د.ک تێکەڵی بازرگانی نەوتی عێراقی بوو، هەمان کات ی.ن.ک بیری لە دەرهێنانی نەوت کردەوە بەشێوەی سەربەخۆ دوور لە سیاسەتی نەوتی عێراقی. سەر ئەنجام گۆڕانکاری سیاسی و سەربازی و نەوتی نوێ لە هەرێمی کوردستان هاتە کایەوە، ئەوە بوو لە ئەنجامدا هێرشەکانی حکومەتی عێراقی و پ.د.ک ٣١ ئاب ی ١٩٩٦ ئەنجام درا، تەواوی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەیەک کەوتە ژێر دەسەڵاتی پ.د.ک (حسێن، چاوپێکەوتن، ٢٠٢١/١٢/٦).

ئەم بارودۆخە نوێیە، سیاسەتی نوێی نەوتی عێراقی بەرامبەر کوردستان لە خۆگرت. لە ٩ ئەیلوولی ١٩٩٦حکومەتی عێراق سنوورەکانی بەڕووی هەرێمی کوردستان کردەوە لە ڕێگەی خاوەن بەنزینخانەکان ناردنی سووتەمەنی دەستپێکردووە بەبێ دیاریکردنی هیچ بڕێک سووتەمەنی دەنارد بۆ هەرێمی کوردستان، ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو تا هێرشی ی.ن.ک لە ١٢ تشرینی دووەمی ١٩٩٦ (حسێن، چاوپێکەوتن، ٢٠٢١/١٢/٦).

لەلایەکی ترەوە بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی باکوور محەممەد ئەلکەرەم ڕایگەیاند: بە بڕیاری وەزارەتی نەوت ڕێگایەکی وشکانی کراوەتەوە پارێزگای موسڵ و هەر دوو پارێزگای دهۆک و هەولێر پێکەوە دەبەستێتەوە بەمەبەستی چوونی بارهەڵگرەکان لە نەوت و گاز و بەنزین بۆ ناوچەکانی کوردستان، نزیکەی ١١ بارهەڵگر بۆ دهۆک و ١٧بارهەڵگر بۆ هەولێر نێردراوە بڕەکەی بەگوێرەی پێداویستی ناوچەکە زیاددەکات (هاوکاری، ١٩٩٦، ٢٥٣٢). کارگەی غازی هەولێر بە دوو هێڵی بەرهەمهێنانی بوتڵی غازی شل بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ خرایەوە کار پاش لەکارکەوتنی بۆ ماوەی ٦ ساڵ بە مەبەستی دابینکردنی غازی شل بۆ پارێزگای هەولێر و دهۆک (هاوکاری، ١٩٩٦، ٢٥٤١).

لە پاش هێرشەکانی ی.ن.ک لە ١٢ تشرینی دووەمی ١٩٩٦ و دروستبوونی دوو زۆنی زەردی پ.د.ک و سەوزی ی.ن.ک، حکومەتی عێراق سیاسەتی گەمارۆی سووتەمەنی لەسەر هەردوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان تەواو شلکرد. ئەوە بوو موستەشارە کوردەکان بوون بە بریکاری سووتەمەنی لە حکومەتی عێراقی و لە ڕێگەی ئەم بریکارانەوە سووتەمەنی تەنها دەنێردرا بۆ ئەو بەنزینخانەی حکومی بوون و پێش ڕاپەڕین بوونیان هەبوو، بۆ نموونە لە سلێمانی سووتەمەنی نێردرا بۆ بەنزینخانەی گوێژە، عەقاری، ئازادی، ڕزگاری، عەربەت، دەربەندیخان، کفری، ڕانیە، چەمچەماڵ تا ساڵی ١٩٩٧ بەردەوام بوو (حسێن، چاوپێکەوتن، ٢٠٢١/١٢/٦).

لە ٦ ئایاری ١٩٩٧ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری ژمارە ٣٩ دەرکرد و لایەنی پەیوەندیدارەکانی سەرپشککرد بۆ ڕێکخستنەوە و هەڵسەنگاندنی بڕی سووتەمەنی و ناردنی بۆ کوردستان بە نرخی دیاریکراو (الوقائع العراقية، ١٩٩٧، ٣٦٧١). ئەو بەشە سووتەمەنیی دیاری کرابوو بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی موستەشارەکان (وەکیلەکان) و کەسانی سەر بە حکومەتی عێراقی دەهێنرا، لەم بارەیەوە لێپرسراوی بەشی فرۆشتن لە بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمە نەوتییەکان ڕێوار ئەحمەد حسێن دەڵێت " لە دوای ساڵی ١٩٩٧ هەر پارێزگایەک بەشی سووتەمەنی بۆ دیاری کرا لە ڕێگەی موستەشارەکان وەردەگیرا، بۆ نموونە بۆ پارێزگای سلێمانی ڕۆژانە ١٠ تانکەر بەنزین وەردەگرت بەنرخی ٤٥٠ دیناری چاپ بۆ لیترێک، بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حسین لە ٢٠٠٣ " (حسێن، چاوپێکەوتن، ٢٠٢١/١٢/٦).

کۆمپانیای گشتی بەرهەمە نەوتییەکان ڕێژەی ناردنی سووتەمەنی بۆ هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە، بڕی ناردنی سووتەمەنی بە بەراورد بە ساڵانی پێش ١٩٩٧ زیادیکردووە، بۆ نموونە لە ١٦ ئایار تا ٣١ ئایاری ١٩٩٩بڕی ناردنی سووتەمەنی بەم شێوەیە بوو:

١. پارێزگای هەولێر: ٢،٤ ملیۆن لیتر بەنزین، ١,٢ملیۆن لیتر گاز، ٢,١ ملیۆن لیتر نەوتی سپی، ٢٦,٦٥ مەتر سێجا غازی شل.

٢. پارێزگای سلێمانی: ١,٥ ملیۆن لیتر بەنزین، ١,٨ملیۆن لیتر گاز، ١,٦ ملیۆن لیتر نەوتی سپی، ٢٨,٣ مەتر سێجا غازی شل.

٣. پارێزگای دهۆک: ١ ملیۆن لیتر بەنزین، ١ملیۆن لیتر گاز، ١,٧ ملیۆن لیتر نەوتی سپی، ١٢,٨ مەتر سێجا غازی شل (الجمهورية، ١٩٩٩، ١٠٠٤٦).

### ٥. سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان

دوای ئەوەی لە ١٩٩٣حکومەتی عێراقی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان قەدەغە کرد، بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە هەرێمی کوردستان هەوڵیدا سیاسەتی نەوتیی خۆی هەبێت و پشت بە خۆی ببەستێت و بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری پەیڕەوبکات، بۆ ئەوەش پەنای بردە بەر دەرهێنانی نەوت. حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک هۆکاری هەبوو بۆ دەرهێنانی نەوت بریتین لە:

١. بوونی کێڵگەیەکی تەقتەق و چەند بیرێکی هەڵکەنراو، کە پێشتر لەلایەن حکومەتی عێراق لێدرا بوو، دواتر داپۆشرابووەوە.

٢. بوونی کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لە بواری نەوت و پیشەسازیی، کە هاندەر بوون بۆ سوود وەرگرتن لە کێڵگەی تەقتەق (مەلا هەمزە، ٢٠١٧، ١٩).

تێڕوانینی ی.ن.ک و پ.د.ک بۆ دەرهێنانی نەوت جیاواز بوو. ی.ن.ک بانگەشەی دەرهێنانی نەوتی دەکرد، پێیوابوو لەو ڕێگەیەوە هەرێمی کوردستان دەتوانێت سەربەخۆی ئابووری مسۆگەربکات، دواتر بەرەو سەربەخۆیی سیاسی هەنگاو بنێت. جەلال تاڵەبانی لە هەڵمەتی بانگەشەکردنی بۆ سەرخستنی لیستەکەی لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستاندا بۆ یەکەم جار بانگەشەی دەرهێنانی نەوتی دەکرد لە کوردستان و لە چەندین خاڵی بەرنامەی لیستی ی.ن.ک دووپاتی لە سوود وەرگرتن لە داهاتی نەوتی کەرکووک و بەشەکانی تری کوردستان کرایەوە، بەڵام

پ.د.ک تێگەیشتنی پێچەوانە بوو وەک ئەوەی مەسعوود بارزانی گوزارشتی لێدەکرد، هەرێمی کوردستان لە رووی ئابوورییەوە ناتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت، ئەمەش هۆکاری ناچاربوونە بۆ گەڕانەوە بۆ بەغدا لێکدەدایەوە. ئاماژەی بە دوو هۆکار دەکرد: یەکەم لە رووی ئابوورییەوە ناتوانین لە سەرپێ بوەستین، دووەم جیابوونەوە لە عێراق ناکرێت سنوورمان لەگەڵ تورکیان و ئێران سووریا و عێراق مسۆگەر ناکات و ئەگەر ئەمانە لە دژمان بوەستن چۆن دەتوانین سەربەخۆییمان بپارێزین (ڕێبین فەتاح، ٢٠٢٠).

پ.د.ک مامەڵەیەکی گاڵتەجارانەی لەگەڵ ئەو گوتارەی ی.ن.ک دەکرد، کە لەسەر بنەمای نەوت و فیدراڵی بوو. لەو ساڵانەدا "فیدراڵ و بەرمیلی بەتاڵ" گوزارشتی تەنز ئامێزی پ.د.ک بەرامبەر گوتاری ی. ن.ک. بەرپرسانی پ.د.ک لەسەر ئاستی حکومی ڕێگریان لە دەرهێنانی نەوت دەکرد، لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیری پیشەسازی ئەمین مەولوود لە پشکی پ.د.ک بوو، هەر کاتێک باسی دەرهێنانی نەوت دەکرا باسی خەڵووزی بەردینی دەکرد و بە بیانووی بەرهەمهێنانی خەڵووزی بەردین و پروپاگەندەکردن بۆ ئەم کارە بۆ ماوەیەک پرۆژەی دەرهێنانی نەوتی دواخست (ڕێبین فەتاح، ٢٠٢٠).

لە دوای پێکهێنانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێم لە حوزەیرانی ١٩٩٢ هەوڵ درا لە توانا ناوخۆییەکان وەربگیرێت بۆ دەرهێنانی نەوت، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان فوئاد مەعسووم رایگەیاند بەر لە ئێستا چەندین کۆمپانیای بیانی ئەم پرۆژەیان خستووەتە بەردەم، بەڵام ئێمە ویستوومانە کارێکی وا بکەین، پرۆژەیەک بۆ چۆنیەتی بەرهەمهێنانی نەوت جێبەجێ بکەین، کە سوود و قازانجەکەی تەنیا بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و حکومەت بێت و ببێتە مایەی دابینکردنی سووتەمەنی پێویست بۆ ناوەوەی وڵات (کوردستانی نوێ، ١٩٩٣، ٣١١).

لە لایەکی ترەوە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری نەوت هەوڵەکانیان چڕکردەوە بۆ خستنەڕووی چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە بەرهەمی نەوت و بوونی سەرچاوەی نەوتی لە کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە لە شاری هەولێر و سلێمانی دوو کۆڕیان بۆ ئەندازیاران سەردار پشدەری و باسل خوری بەست و کۆمەڵێک لە جیۆلۆجیەکان لە شاری سلێمانی سەردانی کێڵگە نەوتییەکانیان کرد لە ناوچەی شیواشۆک و شاخی سوور لە تەقتەق (بەرزنجی، ٢٠١٣، ٣٧٤).

ماستەر پلانی دەرهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی تەقتەق لە لایەن حەمە جەزا ساڵح پێشکەش بە حکومەت کرا، لەم بارەیەوە دەڵێت: "بە پشت بەستن بە شارەزایی ٢٥ ساڵ کارکردنم وەک ئەندازیاری نەوت، لە ساڵی ١٩٩٢ماستەرپلانی دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوتم بەشێوەی سەربەخۆ لە کێڵگەی نەوتی تەقتەق پێشکەش بە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردن، بەڵام پەسەند نەکرا. کاتێک پۆستی بەڕێوەبەری گشتی نەوت و کانزاکانم وەرگرت سوور بووم لەسەر پرۆژەکە و دووبارە پێشکەشی کابینەی دووەم کرا، بەردەوام بووم لە هەوڵ و تەقەلاکانم تا بڕوا بە سەرۆکی حکومەت کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی و ڕۆژ نووری شاوەیس جێگری بکەم. لە تشرینی دووەمی ١٩٩٣لە ئێوارە کۆبوونەوەیەکی تایبەت لە ماڵی سەرۆکی حکومەت لە هەولێر بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەت و ڕۆژ نووری شاوەیس جێگری و وەزیری دارایی دارۆی شێخ نووری و وەزیری پیشەسازی ئەمین مەولوود وەزیری کشتوکاڵ سەعدی ئەحمەد پیرە. لەو کۆبوونەوەیەدا زانستیانە و بە دوور و درێژی باسی ماستەرپلانەکەم کرد بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا جگە لە دارۆی شێخ نووری وئەمین مەولوود کە تێبینیان هەبوو، بڕیاردرا کۆمیتەی باڵای پرۆژە تایبەتەکان پێک بهێنرێت" (قادر، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٦/٤).

ماستەرپلانەکە تایبەت بوو بە دەرهێنانی نەوت لە بیری ژمارە ١ و ٢ ی شیواشۆک[iv]. بیری ژمارە ١ دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای شارۆچکەی تەقتەق و باشووری ڕۆژئاوای کۆیە بە دووری ١٠ کم، درێژییەکەی دەگاتە ٢٩ کم و پانی ١١کم، لە ساڵی ١٩٣٠ ڕووپێووی جیۆلۆجی بۆ کراوە لەلایەن کۆمپانیای IPC لە ساڵی ١٩٦٠ هەوڵی هەڵکەندنی بیری ژمارە ١ درا بوو، بۆ زانینی بڕ و جۆری نەوتەکەی (فەتحوڵڵا، ٢٠١٥، ٧٢)، بەڵام بەهۆکاری دەرچوونی یاسای ژمارە ٨٠[v] ساڵی ١٩٦١ مافی گەڕان لە کۆمپانیای IPC سەندرایەوەو درا بە کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراق (محەمەد، ٢٠١٢، ٤٢). لە ساڵی ١٩٧٨ لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکوور بیری ژمارە ١ بە قووڵی ٢٢٠٠ هەڵکەنراو، بەڵام داپۆشرایەوە نەوتی لێدەرنەهێنرا. هەروەها بیری ژمارە ٢ هەڵکەنرا وەک بیری تاقیکردنەوە قووڵی گشتی ٢٦٦٣م لوولەی پاراستنی و لوولەی بەرهەمهێنان دابەزێنرا بە قووڵی ٥٤٥م" (قادر، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٦/٤) لە ساڵی ١٩٨٠ بیری ژمارە ٣ لێ درا لە لایەن کۆمپانیای SEIPEM ئیتاڵی، قووڵی گەیشتە ١٧٥٠م، بەڵام نەتوانرا بگەیەنرێتە ئاستی ٢٤٦٠م لە بەرئەوە بە چیمەنتۆ داپۆشرایەوە (بەرزنجی، ٢٠١٣، ٣٧٩).

لە ساڵی ١٩٩٣ کاتێک حکومەتی عێراقی بەتەواوەتی ناردنی سووتەمەنی ڕاگرت کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتیی کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی بڕیاری دەرهێنانی نەوتی لە کێڵگەکانی تەقتەق درا، تا سووتەمەنی بۆ هاووڵاتیان و بەگەڕخستنەوەی کارگەکان دابینبکرێت. بۆ ئەم مەبەستە بە نوسراوی فەرمی لە ١٨ تەمموزی ١٩٩٣ بڕیاری پێکهێنانی کۆمیتەی باڵای پرۆژە تایبەتیەکانیدا.[vi] (قادر، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٦/٤) سەرجەم کارەکانی لەلایەن سەرۆکی حکومەت سەرپەرشتی دەکرا لیژنەکە پێکهاتبوون لە:

1. ڕۆژ نووری شاوەیس – جێگری سەرۆک وەزیران و سەرۆکی لیژنە.
2. دارۆ شێخ نووری – وەزیری دارایی و ئابووری – ئەندام.
3. ئەمین مەولوود – وەزیری پیشەسازی – ئەندام.
4. سەعدی ئەحمەد پیرە – وەزیری کشتوکاڵ – ئەندام.
5. حەمە جەزا ساڵح – سکرتێری پرۆژە (مەلا هەمزە، ٢٠١٧، ٤٧).

لەگەڵ دروستکردنی ئەم لیژنەیەدا لە ٩ تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ بڕیاری دروستکردنی ٢ تیم درا، تیمی ژمارە ١ بۆ کارکردن لە پرۆژەی بیری نەوتی شیواشۆک تەرخانکرا، کە نوسینگەکەیان لە شاری هەولێر بوو، پێکهاتبوون لە:

1. ئەکرەم مستەفا مەقسود – لێپرسراوی تیمی کێڵگەکان.
2. هۆشیار نووری عەباس – لێپرسراوی تیمی هەڵسوراوان.
3. عەبدوڵڵا غەفوور عەبدوڵڵا – لێپرسراوی تیمی ئەندازیاری.
4. نەجمەدین عەبدولعەزیز عەبدولکەریم – لێپرسراوی تیمی کارگوزاری کەلوپەل و خۆیەتی و ئیدارە.

تیمی ژمارە ٢ تەرخان کرا بۆ دروستکردن و بنیات نانی پاڵاوگەی نەوت، کە ڕۆژانە توانی پاڵاوتنی ١٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەبێت، ئەندامەکانی بریتیبوون لە:

1. ڕەشید خالید خۆشناو – ئەندازیاری کیمیایی و سەرپەرشتیار.
2. فوئاد ئیبراهیم – ئەندازیاری کارەبا.
3. کەمال عەبدولقادر – ئەندازیاری میکانیک لە بواری کورە.
4. محەممەد سلێمان – ئەندازیار لە بواری قوڵە.

5. حەمە قادر – ئەندازیاری میکانیک – لەبواری کۆلینەر و ئاوی ساز.
6. کەمال عەلی – ئەندازیاری ئەلیکترۆنی لە بواری ئامێر و وردەکاری (مەلا هەمزە، ٢٠١٧، ٤٧).

ئامادەکارییەکان بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی دەرهێنانی نەوت دەستپێکرد، لەو بارەیەوە حەمە جەزا ساڵح دەڵێت: " سێ ناوەندی کار دەستنیشانکران: لە هەولێر لە گەراجی ئامێرە کشتوکاڵییەکان، لە سلێمانی لە کارگەی شەکرەکە، لە تەقتەق لە بیری ژمارە ١ نزیک گوندی شیواشۆک، دوولیژنەی کار لە ناوەندی پرۆژە لە هەولێر و لیژنەی پاڵاوگە لە سلێمانی. دواتر هەستاین بە دەستنیشانکردنی لیستی ئەو جۆرە کەلوپەلانەی لە دامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبوون کە بەشی زۆریان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوە هەبوون" (قادر، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٦/٤).

بە ئامانجی خێراترکردنی هەنگاوەکانی کارکردن و هاندانی تیمی کار بۆ ئەوەی پرۆژەکە بە زووی بگات ئەنجام سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆسرەت رەسووڵ عەلی کۆمەڵێک بڕیار و ڕێنمایی دەرکرد. لە ٩ کانوونی یەکەمی ١٩٩٥ لە بڕیارێکدا دەرماڵەی لێپرسراوێتی بۆ ئەو پسپۆڕانەی لەو بوارەدا کاریان کردووە بە جۆرێک مانگانە ٢٠٠٠ دینار بۆ حەمە جەزا ساڵح وەک لێپرسراو و داهێنەری پرۆژەکە خەرج دەکرێت و ١٥٠٠ دینار بۆ ئەو لێپرسراوانەی سەرپەرشتی پرۆژە تایبەتییەکان دەکەن، هۆکاری ئەم بڕیارە دەگێڕێتەوە بۆ دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوت بە شێوەی خۆماڵی لەم بارودۆخەدا کە چەندین گوشار ئاراستەی هەرێمی کوردستان کراوە ئەو پسپۆڕانە ئەو ئەرکەیان گرتووەتە ئەستۆ (ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ١٩٩٥، ٢٦١٨).

سەرەتا کارکردن لە بیری ژمارە ٢ دەستی پێ کرد لە ٢٤ کانوونی یەکەمی ١٩٩٤ بە شێوەی بەرهەمهێنانی تاقیکردنەوە هاتە بەرهەم رۆژانە ٣,٠٠٠ بەرمیل دەردەهێنرا. لە ٢٧/٢٦ کانوونی یەکەم نەوتەکە پاک کرایەوە لە ٢٥ کانوونی دووەمی ١٩٩٥ یەکەم تانکەری نەوت گەیشتە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار لە سلێمانی سوودی لێ وەرگیرا بۆ کارپێکردنی کارگەکە (قادر، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٦/٤). قۆناغی دووەمی کارکردن لە بیری ژمارە ٢ دەستپێکرد لە ١٧ ئایاری ١٩٩٥ گەیشتە ئەنجام و نەوتی لێ دەرهێنرا، لە رۆژی دواتر ڕێ و ڕەسمێک بەڕێوە چوو بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەت کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی و لێپرسراوانی ی، ن.ک و ئەندازیار و کارمەندانی پرۆژەکە. کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی ئاماژەی بەوەدا کە ی.ن.ک بە ڕابەرایەتی مام جەلال پەیڕەوی سیاسەتی پشت بە خۆ بەستن دەکات بەپێی ئەو پرۆژە و نەخشانەی کە بۆ ئاینەدەی دارشتووە ی.ن.ک کار بۆ ئەوە دەکات کوردستان بە شێوەیەکی هاوچەرخ ئاوەدان بکاتەوە و ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییان دابین بکات، هەروەها مام جەلال بروسکەیەکی بۆ سەرۆکی حکومەت نارد وێڕای پیرۆزبایی ئاماژەی بەوەدا کە دەرهێنانی نەوت لە کوردستان بەدەستی رۆڵەکانی خۆیان بە پشت ئەستوور بە هێز و توانای خۆمان. سەروەرییەکی نیشتمانی گەورەیە ئەم هەنگاوە مێژووییە رۆڵێکی گەورە دەبینێت لە بووژاندنەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان هیوادارم ئەم هەنگاوە گرنگە هاندەرمان بێت بۆ ئەوەی سەربەخۆیی بڕیاری ئابووریی گەلەکەمان بچەسپێنین (کوردستانی نوێ، ١٩٩٦، ١٢٨٨).

دەستکردن بە پرۆژەی دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوت لە هەرێمی کوردستان حکومەتی عێراقی نیگەران کرد، لەبەر ئەوەی سیاسەتی نەوتی بەغدا ناوەندی بوو، ڕێگەی نەدەدا بە هەرێمی کوردستان نەوت دەربهێنێت. لە پێشتردا هەرێمی کوردستان لە دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوت بێبەش کرابوو، هیچ تەکنۆلۆژیایەکی نەوت لە کوردستان پەرەی پێنەدرابوو، تەنانەت ڕێگە بە ژمارەیەکی کەمی خوێندکارانی کورد دەدرا لە بواری نەوت پەرە بە خوێندن بدەن (سیوەیلی، ٢٠١١، ١٠٣- ١٠٥).

لەسەر بنەمای دەستووور حکومەتی عێراق مافی دەرهێنانی نەوت و غاز تەنها لای بەغدایە لە دەرەوەی ناوەند هەرکەس و لایەنێک نەوت دەربهێنێت بە خیانەتی نیشتمانی سزا دەدرێت، هەر لەبەرئەوە بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ ئەو کەسانە دەرکرد لە پرۆژەی نەوتی هەرێمی کوردستان کاریاندەکرد، لەم بارەیەوە حەمە جەزا ساڵح دەڵێت: " دوای ئەوەی بە شێوەی ئامادەنەبوو سزای لە سێدارە دانم بۆ دەرچوو لە ساڵی ١٩٩٦ هەرێمی کوردستانم بەرەو ئەورووپا بەجێهێشت " (قادر، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٦/٤).

حکومەتی عێراق نیگەرانی لە پرۆژەکە دەربڕی و بە شێوەیەک سەیری دەکرد کورد دەیەوێت سامانی وڵات تاڵان و هەرزانفرۆشی بکات، بیدات بە دەرەوە، لە نەتەوە یەکگرتووەکان سکاڵای کرد. نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق داوای ڕوونکردنەوەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد لەم بارەیەوە سەعدی ئەحمەد پیرە دەڵێت: "نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە لامان وتی عێراق سکاڵای کردووە و ئێوە لە دەرەوەی سنوور یارمەتی دەدرێن بۆ بە تاڵان بردنی نەوتی عێراق، ئێمە وتمان لە کادیری خۆماڵی و کەلوپەلی کارگەی کۆن زیاتر یارمەتیمان لە هیچ شوێنێکی تر بۆ نەهاتووە، پاڵاوگەکەمان توانای ئەوەی نییە زیاتر لەوە بپاڵێوێت و ناتوانین لەوە زیاتر نەوتی خاو دەربهێنین عەمبارەکانمان هێشتا پڕ نەبوون نیازمان نییە ئەو نەوتە بفرۆشین" (مەلا هەمزە، ٢٠١٧، ٥٧).

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نامەی فەرمی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئاگادارکردەوە، کە دەرهێنانی نەوت تەنها بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆیە بیر لە فرۆشتن و ناردنە دەرەوەی نەوت ناکرێتەوە. توانیانیان ڕەزامەندی نەتەوە یەکگرتووەکان وەربگرن بۆ دەرهێنانی نەوت بە مەرجێک بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی بێت و بازرگانی دەرەکی پێوە نەکرێت (قادر، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٦/٤).

حکومەتی عێراق لەو باوەڕەدا بوو بیرە نەوتییەکانی تەقتەق لە خوار هێڵی ٣٦ بە سنووری دەسەڵاتی خۆی دەزانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی نەتەوە یەکگرتووەکان و پاراستنی بیرە نەوتەکان لە هێرشی سوپای عێراق تیمێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەرۆکایەتی ستافورد کلاری سەردانی بیرە نەوتییەکانیان کرد پاش پێوانیان بە ئامێری GPS دەرکەوت بە ٣٠٠ م لە باکووری هێڵی ٣٦، لەم بارەیەوە حەمە جەزا ساڵح دەڵێت:" پەیوەندیم کرد بە کارمەندی نەتەوە یەکگرتووەکان لەوانە ستافورد کلاری و تیمەکەی بە پێویستم زانی بە ئامێری GPS پێوەری ڕۆژهەڵات و باکووری بیری ژمارە ٣ی باشووری کێڵگەی تەقتەق بزانم لە لە باکووری هێڵی ٣٦ یان نا؟ چونکە بۆ ئێمە گرنگ بوو کەوتبێتە باکووری هێڵی ٣٦ لەبەر ئەوەی سوپای عێراق لە بەرزییەکانی ئەو بەری زێی بچووک نزیک تەقتەق بوون. ستافورد کلاری و تیمەکەی سەردانی بیری ژمارە ٣ یان کرد لە نزیک گوندی ئیلینجاغ دەرکەوت ٣٠٠ م لە باکووری هێڵی ٣٦ لە ناوچەی پارێزراوین ئەگەر هێرشی سوپای عێراق بێت نەتەوە یەکگرتووەکان بۆیان هەیە فەرمان بە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بکەن تا بێت بۆردوومانی ئەو شوێنە بکات کە مەترسی هەیە بۆ سەرمان " (مەلا هەمزە، ٢٠١٧، ٨٣).

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp138-148

هەڕەشـەکانی حکـومەتی عێـراقی بەردەوامیـان هەبـوو چەنـد جارێـک تۆببـارانی پـرۆژەکەیان دەکـرد ناچـاربوون کارکـردن ڕابگـرن، جـگە لەوە لە لایەن دەزگـا هەواڵگرییەکانی عێراق هەڕەشەی کوشتنیان لە لێپرسراوانی پرۆژەکە دەکرد هۆکارێـک بـوو بـۆ ئەوەی پسـپۆڕانی کـورد لەناوەوە و دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان کار لە پرۆژەکە نەکەن (قادر: چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٦/٤).لە هێرشەکانی ٣١ ئـابی ١٩٩٦ ناوەندی هەولێری پرۆژەی دەرهێنانی نەوت لەلایەن سوپای عێراق تاڵان کرا جێگەی وەرشەکان و دروستکردنی خۆماڵی ئامێرە نەوتییەکان و بورجی کۆڵینی بیرە نەوتییەکان بـوو (قـادر: چـاوپێکەوتن: ٢٠٢٢/٦/٤). هەروەهـا لەدوای ڕووداوەکانی ٣١ ئـاب ١٩٩٦ هەرێمی کوردسـتان دابەش بـوو بەسـەر دوو ئیـدارەدا بەشـێک لە سـتافی پـرۆژەکە نەیانتـوانی بێـنەوە سـەر کار و پـرۆژەکەیان بەجـێ هێشـت لـیژنەکان هەڵوەشـانەوە هەمـوو شـتێک کۆتاییهـات تەواوی پـرۆژەکە وەسـتا (مەلا هەمـزە، ٢٠١٧، ٥٠).

هەرچەنـدە ناردنی سـووتەمەنی لەلایەن حکـومەتی عێـراق بە شـێوەیەکی ئاسـایی دەستپێکردەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئاساییکردنەوەی هەناردەکردنی سووتەمەنی بۆ هەرێمی کوردسـتان ئەوە بـوو، حکـومەتی عێـراقی دەیویسـت کورد دەسـتبەرداری دەرهێنانی نەوت ببێت، بەڵام سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانی کۆسرەت ڕەسـوول عەلی بڕیاریـدا: پـرۆژەی دەرهێنـانی نەوت لە کـێڵگەکانی تەقـتەق دەستپێبکەنەوە. لە ٢٣ تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ دەسـت بە ئـیش کرایەوە و لە ٥ کانـوونی یەکەمی ١٩٩٧ نەوت دەرهێـنراو دەسـت بە پـاڵاوتنی کرا (مەلا هەمـزە، ٢٠١٧، ٥١)، بەرهەمی هەر دوو بیری ژمارە ١ و ٢ گەیشتە ٤٠,٠٢٧ بەرمیل لە ڕۆژێکدا (فەتحوڵلا، ٢٠١٥، ٧٢). کارگەی شـەکری لەکارکەوتـوو لە سلێمانی کرا بە پـاڵاوگە بەهـۆی بـوونی هەنـدێک کەرەسـتەی پێویسـت و بـوونی ٤ تەنکی قەبارە گەورەی ئامـادەکراوی کارگەی شـەکر، کە یەکێکیـان زیاتـر لە ٣ ملیـۆن لیـتر نەوتی دەگرت. سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانی کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی لە ٢٣ تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ بـڕیاری ئیشـپێکردنی پـاڵاوگەی دەرکرد، لە ١٥ کانـوونی یەکەمـی ١٩٩٧ تاقیکـرایەوە، بەرهەمە جیـابووەکانی پێکهـاتبوون لە نەوتی سـپی و بەنزین و گازوایل، توانای پـاڵاوتنی پـاڵاوگەکە تا ٣١ کانوونی یەکەمی ١٩٩٨ بـڕی ٣٠١,١٠١,٣١٧ لیتر نەوتی سپی و بەنـزین و گازوایـل بـوو (بەرزنجی، ٢٠١٣، ٣٨٨ – ٣٩٩).

هاتنە کایەی بارودۆخی نوێ لە دوای سەپاندنی گەمارۆی ئابووری پێویستی دەکرد، عێراق بـۆ دەرهێنـان و ناردنە دەرەوەی نەوت بە مەبەسـتی دەسـتکەوتنی داهـات و کەمکـردنەوەی کاریـگەرەکانی سیاسـەتێکی نـوێی نەوت پەیـڕەوبکات، هەرێمـی کوردستان وەک دەسەڵاتێکی نوێ بوو بە بەشـێک لەو سیاسـەتە نوێیە. دەرهێنـانی نەوت یەکێک بـوو لەو کارانەی حکـومەتی هەرێمی کوردسـتان دەسـتپێکرد لەدوای دروسـتبوونی بـۆ یەکەم جارە لە کوردسـتان بە کادیـری خۆمـاڵی دوور لە دەسـەڵاتی حکومەتی عێـراقی نەوت دەربهێنرێت. ئەم هەنگـاوە پێچەوانەی سیاسـەتی حکـومەتی عێراق و یاسا کارپێکراوەکانی ئەو کاتەی عێـراق بـوو، هەنـدێک ڕێـکاری سـیاسی و سەربازی و کارگێڕی دژ بەم هەنگـاوە گـرتەبەر، کاریـگەری لەسـەر دروسـت کرد، بەڵام نەیتوانی ڕایبگرێت، بەڵکو بوو بە بناغەیەک بۆ دامەزراندنی ژێرخـانی ئـابووری بۆ هەرێمی کوردستان لە ساڵانی داهاتوودا.

### ٦. ئەنجام:

لە کـۆتایی ئەم تـوێژینەوەیەدا گەیشـتینە ئەو ئەنجامەی کە نەوت لە عێراقـدا کێشـەی کوردی ئاڵۆزتر کردووە، هـاوکات کێشـەی کوردی زیاتـر بەرچـاو خسـتووە. عێـراق لەساتی دامەزراندنیەوە هەتا هەنووکە بە سیاسەتێکی ناوەندی دەڕوانێتە بەڕێوەبردنی نەوت لە ناو دەوڵەتدا، بەڵام کورد لە قۆناغی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا ڕەخنەیان لەم سیاسـەتە گرتـووە و پاشـان بەرەنگـاری بـوونەتەوە و لەم پێناوەشـدا سـڵیان لە بەکارهێنـانی هـیچ ئامرازێـک نەکـردووەتەوە، بەڵام دوای دامەزرانـدنی هەرێمـی کوردستان، کورد سەرسەختانە دژی سیاسەتی ناوەندی بەڕێوەبردنی نەوت بووەتەو، بەتایبەتی لە پاش ئەو گەمارۆ ئابووریە توندەی لە لایەن عێراقەوە خرایە سـەر عێـراق، لەلایەک بـیری لە دەرهێنـانی نەوت کـردووەتەوە بەدەر لە سیاسـەتی نەوتی عێـراقی، لەلایەکی دی لەڕێگەی کەناڵە دپلۆماسـیەکان و فشـارە نێودەوڵەتییەکانەوە، پشـکی لە قازانجی هەناردەکردنی نەوتی عێراقی بـۆ خـۆی بچڕیوە. ئیـدی دەتـوانین بڵێـین کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست دەبێتە لایەنی بەشدار لە بەڕێوەبردنی نەوت لە عێراقـدا و هەر ئەم بیرکردنەوەیە بووە بە بناغەیەک بۆ فایلی نەوتی هەرێمی کوردستان لە عێـراقی ئێستادا.

### ٧. لیستی سەرچاوەکان

بەرزنجی، یوسف محەمەد، ٢٠١٣، چارەنوسی کورد پەترۆڵ وەک مەسەلەی ستراتیژی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی سەنتەری مارگریت و دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

تەیب، عەبدولعەزیز، ٢٠٢٢/٤/٢٧، لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی.

چەلەبی،فازیل، نیسانی ١٩٩٢، لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی دەربارەی ئابووری عێراق، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ژمارە ١، ساڵی یەکەم.

حسین، ڕێبوار ئەحمەد، ٢٠٢١/١٢/٦، سلێمانی.

حسين، محمد توفيق،١٩٥١، ازمة الحضارة في العراق، الجامعة الامريكية، بيروت.

حمه عزيز، فيروز حسن، ٢٠٠٨، الاهمية الجيوستراتيجية لكردستان الجنوبية وتاثيرها على السياسة البريطانية (١٩١٤-١٩٢٤)، مركز دراسات الاستراتيجية، سليمانية.

حەمە کەریم، هێرش عەبدوڵلا، ٢٠١٣، پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ ئێران و تورکیا و سوریا، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، چ١، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

ساڵح، حەمید عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، سیاسەتی تەعریب لە شاری کەرکوک شیکردنەوەی جوگرافی – سیاسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

سیوەیلی، قەیوان سوارە،٢٠١١، سیاسەتی پەرەپێدانی نەوتی خاو و گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان، چاپی دووەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر.

عبدالعزيز، دلشاد عمر١، ٢٠١٧، اكتشاف النفط واثره على زيادة السكان وتطور العمراني في كركوك (١٩٤٣-١٩٧٢)، مجلة جامعة كركوك، الدراسات الانسانية، مجلد 12، العدد4.

عبدالعزيز، دلشاد عمر٢٠٢١،٢، اثر نفط كركوك على الاوضاع السياسية في جنوب كوردستان ١٩٦٨-١٩٧٥، من، جنوب كوردستان و بغداد التجربة الكردية في المؤوية دولة العراق ١٩٢١-٢٠٢١، مركز زاخو للدراسات، زاخو.

العراقية،الوقائع، عدد ٣٦٧١، ١٩٩٧/٥/٦.

عزيز، گوڵدران عبدالرحيم: ١٩٩٩ ،واقع النشاط التجارى فى اقليم كوردستان، دراسة تحليلية لفترة ١٩٩٣ – ١٩٩٨، رسالة ماجستير غير منشورة ، كلية ادارة و الأقتصاد، جامعة دهوك.

غوردون، جوی، ٢٠١٨، الحرب الخفية امريكا و العقوبات على العراق, ت، عبدالرحمن اياس, طبعة الاولى, مركز دراسات الوحدة العربية, بيروت.

غەفوور، عەبدوڵڵا، ٢٠٠٢، جوگرافیای ئابووری نەفت لە کوردستان، چ٢ ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی.

غەفوور، عەبدوڵڵا، ٢٠٠٢، جوگرافیای ئابووری نەوت لە کوردستاندا، چ ٢، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

فەتاح، ڕێبین، شیرینی نەوت و ژەهراوی سەربەخۆیی: ٢٠٢٢/٧/٥. https://kurdistantimes.org/2020/08/17

فەتحوڵا، سەفین جەلال، ٢٠١٥، نەوتی هەرێمی کوردستان شیکردنەوەیەکی جوگرافی سیاسیە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

قادر، حەمە جەزا ساڵح قادر، ٢٠٢٢/٦/٤.

قادر،کاوە نادر، ٢٠٠٨، رۆڵی نەوت لە چارەنووسی گەلی کورد، لە بڵاوکراوەکانی بەشی رووناکبیری ی.ن.ک، سلێمانی.

كريم، كفاح محمود، ٢٠٢٠، افواج السياسية الخفية، ٢٠٢٢/٦/٢٦ .html1313003/12/2020https://elaph.com/Web/opinion/

کوردستانی نوێ، رۆژنامەی، ژمارە ١٢٨٨، ١٩٩٦/٥/٢٠.

کوردستانی نوێ، رۆژنامەی، ژمارە ٣١١، ١٩٩٣/٢/٨.

کەریم،ئاکۆ حەمەد کەریم، ٢٠١٥،ئەنفالی گەرمیان، لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافیای سیاسی، (ماستەرنامە: بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا.

محەمەد،فەرهاد هەمزە، ٢٠١٢، مێژووی نەوتی کەرکوک، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.

مكتب الدراسات والبحوث المركزي، ١٩٩٨، نفط كوردستان العراق، النفط ومصير الكورد وكوردستان السياسي، ج٢،اربيل.

مەلاهەمزە، مەسعود، ٢٠١٧، یەکەم دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوت لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە، چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

نبلوك، تيم، ٢٠٠١، العقوبات المنبوذين فى الشرق الاوسط, العراق - ليبيا - سودان, مركز دراسات الوحدة العربية, بيروت.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ١٩٩٩، خولانەوە لەناو بازنەدا دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤-١٩٨٨ ،مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان، سلێمانی.

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ١٩٩٥/١/٩، بڕیاری ژمارە ٢٦١٨.

هاوکاری، رۆژنامەی، ژمارە ٢٤٨١، ١٩٩٦/٧/١٤.

هاوکاری، رۆژنامەی، ژمارە ٢٥٣٢، ١٩٩٦/٩/٢٠.

هاوکاری، رۆژنامەی، ژمارە ٢٥٤١، ١٩٩٦/١٠/٣.

Anthony H. Cordesman and Ahmed S. Hashm1997، Iraq Sanctions and Beyond, Westview Press, Colorado..


Firat Bozcali، Managing oil in Kurdistan-Iraq: 1991-2003.International Association of Contemporary Iraqi Studies (IACIS).6-17 July 2008 SOAS, University of London.

قانون رقم ٨٠ https://iraqld.hjc.iq/LoadLawBook.aspx?SC=081120057960790 عام ١٩٦١، ٢٠١٥، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/٥/٩.

Maggy Zanger٢٠٠٢، Post 11 September jitters for Iraqi Kurds. www.db.idpproject.org/Sites/ IdpProjectDb/idp.Survey.nsf/wCountries/Iraq.

81/دستور المؤقت لعام ١٩٧٠،٢٠١٠، بەرواری سەردانیکردن www.hjc.iq/view. ٢٠٢٢/٤/٢٨

**پاشکۆ:**


هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
(( نهێنی ))
ژمارە/ ٢٦١٨
رۆژ ٩/ ١/ ١٩٩٥

(( بڕیار ))

دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوت بە شێوەیەکی خۆماڵی و لەم بارودۆخەی کە چەندین گوشار ئاراستەی هەرێمی کوردستانی ئازاد کراوە، وەلەبەر ئەوەی چەند پسپۆرێکی نەتەوە پەروەری لێهاتوو ئەم ئەرکەیان گرتوتە ئەستوەوە ئەرك و ماندوبونی لێپرسراویان گرتوتە ئەستو بڕیارماندا ئەم لێپرسراوانە دەرماڵەی لێ پرسراویان ( مخصصات المسؤلية ) بۆ تەرخان بکرێت وەك لای خوارەوە / لە بەرواری ١/ ١/ ١٩٩٥ وە :-

١- بری ( ٢٠٠٠ ) دوو هەزار دینار مانگانە بۆ راوێژکاری ئەنجومەنی وەزیران / سەرپەرشتیاری گشتی پرۆژە تایبەتیەکان ( سەرەك ئەندازیاری نەوت حمە جزا صالح ) کە پێشەوا و لێپرسراو وداهێنەری ئەم پرۆژەیەیە لە مێژووی نەتەوەی کورددا .

٢- تا سنوری ( ١٥٠٠ ) هەزار و پێنج سەد دینار مانگانە بۆ ئەو لێپرسراوانەی کە سەرپەرشتیلی گشتی پرۆژە تایبەتیەکان دەستنیشانیان دەکات وەبەو برەی کە بە فەرمانێ کارگێری تەرخانی دەکات .

کوسرەت رسول علی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران
/ ١/ ١٩٩٥

وێنەی بۆ /-
وەزارەتی دارایی و ئابوری / بۆ کاری پێویست لەگەل ڕێزماندا .
راوێژکاری ئەنجومەنی وەزیران / سەرپەرشتیاری گشتی پرۆژە تایبەتیەکان - بۆ کاری پێویست لەگەل ڕێزماندا .
دۆسیەی نهێنی .

ه ١٠

---

[i] وشەی پیترۆل لە ساڵی ١٥٢٦ بەکارهاتووە لە بنەڕەتدا یۆنانیە پێکهاتووە لە وشەی Petra واتە گاشەبەرد، Oleumرۆونی خاو، Petrolumeڕوونی بەرد لەبەر ئەوەی لەژێر زەویدا لە ناو بەردا وەک ئیسفنج ئاوی زۆری هەڵمژیوە بۆیە بەو ناوە ناونراوە، وشەی Neft یاخود aNeft لە Naptha هاتووە وشەیەکی یۆنانیە کۆنە ئێستا کورد و عەرەب وگریک وسلافیەکان بەکاری دەهێنن، زۆر جار هەندێک لە بەرهەمە دەرهاتووەکان ناوی جیا و لە شوێنی جیاوازی پێی دەوترێت، لە ئەمریکا Gasoline لە بەریتانیا Petrol لە زۆر شوێن بە نەوتی سپی دەوترێت Keroseneلە بەریتانیا پێی دەوترێتParaffen ، لە هەندێک وڵاتی وەک میسر Solar oil بەکار دێت. لە باشوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان نەوت بەکار دەهێنرێت، لە باکووری کوردستان پێی دەوترێت ما زۆت و پەترۆل. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چۆنێتی دروست بوونی نەوت و تایبەتمەندی و پەیدابوونی لە کوردستان بڕوانە. (قادر، ٢٠٠٨، ١٥).

[ii] لە پێش جەنگی جیهانی یەکەم کۆمپانیای نەوتی تورکی (TPC)هەبوو کە پشکەکانی بەسەر کۆمپانیای نەوتی بەریتانی فارسی بە ڕێژەی (٥٠%)، کۆمپانیای دۆتش بانکی ئەڵمانی بە ڕێژەی (٢٥%)کۆمپانیای کۆمپانیای رۆیال دۆتش شل بە ڕێژەی (٢٥%) بوو، ئەم کۆمپانیایە ئیمتیازی وەبەرهێنانی نەوتی ویلایەتی موسڵ و بەغدادی لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩١٤ وەرگرتبوو. (حسين، ١٩٥١، ١٧٥). .

[iii] حکومەتی عێراق لە شەستەکانی سەدەی بیست تا رووخاندنی رژێمی سەدام حسێن هێزی نیمچە سەربازی لە هەندێک هۆز و عەشیرەتی کوردی دروستکرد بوو بە ئامانجی بەکارهێنانیان لەدژی شۆڕشی کورد، لە بەرامبەر

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp138-148

بەشداری کردنیان لەو هێزە سەربازیە لە خزمەتی سەربازی دەبەخشران ومانگانە مووچەیەکیان وەردەگرت، لە ژێر فەرمان و ڕێنماییەکانی هەواڵگری سەربازی و ئاسایشی۔ ناوچەکەیان (الأمن المحلی)، نزیکەی ٥٠٠ فەوجی دروست کردبوو لە لای کورد بە فەوجی جاش ناسرابوو، لەلایەن سەرۆک عەشیرەت و شێخ و ئاغاکان بەڕێوە دەبرا پێیان دەوترا موستەشار. لە هەڵمەتی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن حکومەتی عێراق دژی کورد ئەنجامدرا ڕۆڵێکی خراپیان گێرا شانبەشانی سوپای عێراق. بۆ زانیاری زیاتر. کریم، کفاح محمود، ٢٠٢٠)

[iv] شیواشۆک دەکەوێتە سنوری ناحیەی تەقتەق سەربە قەزای کۆیە لە پارێزگای هەولێر، بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ژمارەی دانیشتوانی ٤٢٨ کەس بوون، لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانی ٣٦٢ کەس بوو (مەلاهەمزە، ٢٠١٧، ٢٩).

[v] یاسای ژمارە ٨٠ لە ١١ کانوونی دووەمی ١٩٦١ دەرچوو بە ناوی یاسای دیاریکردنی ناوچەکانی وەبەرهێنانی کۆمپانیاکانی نەوت، پێک هاتووە لە ٧ مادە و پاشکۆیەک بەم شێوەیە:
مادەی ٢: بەگوێرەی ئەو نەخشەیەی لە پاشکۆدا هاتووە ناوچەکانی کارکردنی کۆمپانیاکان دیاری دەکات.
مادەی ٣: دەوڵەتی عێراق بۆی هەیە زەوی دیاری بکات بۆ ئەوەی ببێت بە یەدەگ بۆ کۆمپانیاکان، نابێت لە پانتایی ناوچەی دیارکراو بۆ هەر کۆمپانیایەک زیاتر بێت.
مادەی ٤:ئەو زەوییانە ناکەونە ژێر ڕکێفی مادەکانی ٣ و ٤ لەم یاسایەدا کۆمپانیاکان هیچ مافێکیان بەسەرەوە نییە و ڕێ و شوێنەکانی دەرهێنانی نەوت و گواستنەوە ئەو زەوییانە ڕەچاو دەکرێت بە مەرجێک نابێت ڕێگر بێت لە بەکارهێنانی زەوی یاسایی و قبووڵ کراو بگرێت.
مادەی ٥: أ: دەبێت کۆمپانیاکان پاش تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر ئەو یاسایە هەموو مادە و زانیاریە جیۆلۆجی و جیۆفیزیکی و هەموو زانیاری و کاروباری پەیوەندیدار بە نەوت و ئەو زەوییانەی کە دەکەونە ژێر ڕکێفی مادەی ٤ لەم یاسایە بەخۆڕایی بدەن بە حکومەت.
ب: هەر کۆمپانیایەک سەرپێچی پێدانی ئەو زانیاریانە بکات لە بڕگەی یەکەم هاتووە پێویستە قەرەبووی حکومەت بکاتەوە لەو زیانانەی لە ئەنجامی نەدانی زانیاری تووشی دەبێت.
لە پاشکۆدا هەموو ئەو ناوچانەی دیاری کردووە کە کۆمپانیاکان دەتوانن کاری تێدا بکەن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. (قانون رقم ٨٠لعام ١٩٦١، ٢٠١٥؛ غەفور٢، ٢٠٠٢، ٥٢)

[vi] حەمە جەزا ساڵح دەڵێت " لەبەر هەستیاری و نهێنی پڕۆژەکە ناونەنرا پڕۆژەی نەوت بەڵکو پڕۆژە تایبەتیەکان دانرا" (مەلاهەمزە، ٢٠١٧، ٨٣).